**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٠٥٣٨ لە ٢٠٢١/٥/٢٥**

پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٨٣)لە ٢٠٢٠/١١/٢٥ تایبەت بە پێکهێنانی لیژنەیەکی بەدواداچوون بۆ چارەسەرکردنی کێشەی موڵکداریەتی زەویوزاری کریستیانەکان لە چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان و پاش کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای وەزاری جێبەجێکردنی بڕیاری (٨٣) بریارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە:

**بەیانی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢١**

**یەکەم:** پێکهێنانی لیژنەیەک لە پارێزگاکانی (هەولێر و دهۆك) بە سەرۆکایەتی پارێزگار و ئەندامیەتی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی (شارەوانی ،کشتوکاڵ) و بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ( گواستنەوەو گەیاندن ، تۆمارکردنی خانووبەرە ) و نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری .

**دووەم:** پێکهێنانی لیژنەیەکی لاوەکی لە گشت یەکە کارگێرییەکان (قائیماقمیەت و ناحیەکان )ی سەر بە پاریزگای (هەولێر و دهۆك ) بە سەرۆکایەتی سەرۆکی یەکەی کارگێری و نوێنەرانی فەرمانگەکانی (شارەوانی ،کشتوکاڵ ،گواستنەوە و گەیاندن ، تومارکردنی خانووبەرە ) و نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری و موختاری گوند تایبەت بەو گوندانەی کە کێشەی زەویوزاری هەیە.

**سێیەم:** لیژنەی باڵا لە پارێزگاکان ئەم ئەرکانە جێبەجێ دەکات :-

١- چاودێری وبەدواداچوون بۆکارەکانی لیژنە لاوەکییەکان .

٢- پەسەندکردنی پێشنیارەکانی لیژنە لاوەکییەکان

٣- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی مانگا بۆ لیژنەی باڵای وەزاری جێبەجێ کردنی بڕیاری (٨٣)

**چوارەم:** لیژنە لاوەکییەکانی ئەم ئەرکانەی خوارەوە جێبەجی دەکەن

١- وەرگرتنی سکاڵای پێکهاتەی کریستیان لەسەر کێشەی زەویوزار.

٢- دیراسەتکردنی کێشەکان و کۆکردنەوەی گشت بەڵگەکان کە سکاڵاکە دەسەلمێنێت .

٣- پێویستە لیژنەی لاوەکی بە شێوازێکی پراکتیکی بچێتە سەر ئەو زەویوزارە کە سکاڵای لەسەرە بۆ دەست نیشانکردنی ڕووبەر و (واقع حال)

٤- پێشکەش کردنی پێشنیار بۆ چارەسەرکردنی ئەوکێشەیە .

٥- بەرزکردنی بۆ لیژنەی پارێزگاکان بەمەبەستی دیراسەتکردن و ناردنی بۆ لیژنەی باڵای وەزاری بەمەبەستی پەسەندکردنی .

**پێنجەم:** لیژنەی باڵای وەزاری پێویستە هەر مانگ جارێك کۆبوونەوەی ئەنجام بدات و لیژنەی پارێزگاکان هەر (١٥) ڕۆژ جارێک و لیژنەی لاوەکی هەر (٧) ڕۆژ جارێك کۆبونەوەی خۆی ئەنجام بدات

**شەشەم:** ماوەی دەست پێکردنی سکاڵا لە لایەن هاوڵاتیانی کریستان لە ٢٠٢١/٦/١ تا ٢٠٢١/٩/١ دەبێت .

**هەفتەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**ڕێبەر أحمد**
**وەزیری ناوخۆ**